نووسینی: بارامی بەیزایی                    وەرگێڕانی: زاهید ئارمی

هەژدیهاک

بەشی یەکەم

ئێستا هەژدیهای سامناکی شەو- دەم داچڕاوتر لە هەر جار و بە نەڕەتر- پاڵەوانی تەواو نووستوی ڕۆژی هەڵلووشی. ڕەشە با بە قیژەیەکی خەماوی و پڕ لە ئۆف هەڵیکرد. پاڵەوانی تەواو نوستووی ڕۆژ چاوی هەڵبڕی ، خۆی بە مردوویی دی. هەژدیهای سامناکی شەو بە چنگ خۆی کێش کرد هێدی تا سەر سنگی ئاسمان خزی. پێش لەمانە ئاوا- ئەمن- کەلاک خۆرێکم دیبو. کە لەسەر کەلاکی خۆی هەڵتووتا بوو. شەپۆڕ و شینی بوو بۆ مەرگی خۆی. ئەمن گوێملە هاواری ئاسمان قەڵەشێنی بوو. خەم بەسەر مندا زاڵ بوو، ئێستە حەزی تۆڵەسەندنەوە بە سەرما زاڵە. ئەمن هەرگیز هاواری ئاسمان قەڵەشێنی خۆم بەرز نەکردبووەوە. ئەمنی ئەژدەهاک کە ئێستا دیلی ئەم بەندەم، لەسەر لووتکەی ئەم شاخە، شاشاخی یاخی لەنەوی بوون- دەماوەند! ئەمنی ئەژدەهاک، کە لەوکاتەوە کە چارەنووسی سیا چارەم چاوەکانمی بەم دنیایە ئاشنا کرد هەموو دەم دیلی بەندێک بووم- بەسراوەتر لە هەموو بەندێک. هەرگیز هاواری ئاسمان قەڵەشێنی خۆم بەرز نەکردبووەوە، ئێستە حەزی تۆڵەسەندنەوە بە سەرما زاڵە. ئیتر ئەمن ، دەمبێنی قایم شەتەک دراوی دەمم داماڵی و دڵی پڕ لە ئازاری خۆمم بەرەڵا کرد. لە پەنجەی پێوە تا تەپڵی سەر- ئەمن- هاواری هەموو هاوارەکانی خۆمم دادەرەوە. ئەو کاتە بوو ئاسمان شەقاری بەست. لە شەقار بەستنەکەیەوە ئاورێک بەرپا بوو- هەورە تریشقە...!

پێش لەمە- ئەمپەڕە و پەڕ- بەسەر شیو و دۆڵی نوستووی ئەم زەویە خاڵیە، تاریکی هەتاهەتایی بوو. پاشان هەورەکان هەستان ڕەش ڕەش بە نرکە و ناڵە! تاریکی کە لە شیوەکاندا خۆی مەڵاس دابوو، بە دزیەوە ڕوانی( پاڵەوانی ڕۆژی نووستووی) – تاریکی لە شیو و دەررە دورەکانەوە سەری هەڵێنا. تاریکی ملی قوت کردەوە، تاریکی زەلام و ڕەش- بەرزەوە بوو هەرچۆنێک بوو- وەک

دێولەسەری هەر دوو پای راوەستا. ئەوکاتە بوو ئەژدیهای سەرشێتی شەو- دەم داچڕاتر لە هەر جار و بە نەڕەتر- پاڵەوانی تەواو نووستووی رۆژی هەڵلووشی!

ئێستە ئەمنم کە دیلی ئەم بەندەم، رەشە بایەک هەڵیکردووە! دەبیسم ئەوە هاواری ئەمنە تا دوور فڕیوە و لە خۆی دەئاڵێ و بەشان و ملی ئەوشارە نوستووەدا وەک قەمچی داباریوە. چما شار بۆ هەتا هەتایە نوستووە! ئەمە شەوە کە بە هەموو قورسایی خۆیەوە لە سەرشانی من هەڵنیشتووە.

بەشی دووهەم

ئەی شەو ئەمنی خەفەتبار رۆژگارێ پیاوێک بووم بە دڵێکی بێ گەردەوە، لە سنوورێ لە سنوورەکانی رۆژ و شەوا خاوەن خانوویەک بووم خاوەن دەشتێکی سەوز، کێڵگەیەکی بەرین. لە بەشێ لە کێڵگەیکەی مندا بوو شەو و رۆژ یەکی دەگرت، لەم دەشتە سەوزەی مندا بوو لە هەموو بەرەبەیانێک هەتاو، بە گۆرانی من- وێنەی گوڵی سوور- دەپشکوت. لەم زەوی و زارە بەرینە و بە پیت و بەرەکەتەی مندا بوو کە جوتیارەکان- گۆرانیەکانی خۆیان- لە تاریفی ئەو هەورانەی کاتی رۆشتن نازدارن، کاتی بارین پڕ بارن- پێشکەش دەکرد.

کێڵگەکەی من ئاوا بوو، من ماڵم لەم کێڵگەدا بوو. منی هەژدیها کوژ- منی سەربەرز- کەماری سێ سەری و شکیم تۆپاند و چاوانە قەتیس ماوەکانم بەرە و جۆبارەکان هەژاند، کوێراییم دابێ بۆ ئەو رۆژەی کە یامای پادشا پای نایە خاکی مە! ئەو رۆژەی کە باوکی دلۆڤانم شەرابی سووری پێشکەش کرد. یامای سەرخۆشی سەرمەست ئەوی کردە دووکەرتەوە تا بنوارێ خوێن سوورترە یان شەراب، من پێم وت: بەشت هەر خەم بێ وا خانووەکانی ئێمەت کردە خێڵ خانەی خەم. وتی: قەمچیم لێ دەن، قەمچیم لە پێش چاوی خەڵکی گوند و گەڕەکی شار لێدەن... کاتێ دەیانبردم دیم خانووە لە دار ساز کراوەکانی جوان ساز کراوی ئێمە ئاوری تێچبوو!

بەشی سێهەم

ئەی شەو تۆ ئەنگوستە چاوتر لە هەموو شەوێکی‌تری. دڵێکم دی رەشتر لە رەشی تۆ. قەمچییێکی گەلێ درێژ. بە وێنەی مارێکی دەم داچڕاو. دەمێکی بەرەو من داچەقاو. پیاوێ قەمچی لە مست! رۆژ بوو، هەتاو، بەرز. عاسمان نەوی. خەفەت زاڵ. پیاوەکە دەستی بردە سەرۆ دەستی چووە سەرەوە. پیاوەکە دەستی بردە سەرترۆ دەستی چووە سەرترەوە، ئەو قەمچیەی لە مستی دابوو خەتێکی رەشی خستە سنگی ئاسمان. هەتاو کە ئەدرەوشایەوە خۆی شاردەوە. قەمچی وەک مار جینگڵی دەدا، خەڵک بە ترسەوە روانیان – بە پەلە. قەمچی داباری- خوێن- بە هاتنە خوارۆی ئاوری دەگرت هەزار دەمار! ئیتر قەمچی دادەباری، بەسەر پشتی پیاوێکدا کە ژانی بوو- ئەگەرچی هی قەمچی نەبوو!- ئەو خەڵکەی خڕ ببوونەوە بە یەکیان دەوت: ئەمە کێیە لە تاو هەر برینێ پڕ بە ناخی ئەزریکێنێ؟ دەبێ بۆی بگرین دەردەداران! خۆیان دەگریان، لەبەر ئەوەی دەردەدار بوون! ئیتر قەمچی و لەش، لەش لە ژێر قەمچی‌دا بوو.

ئاسمان بەراوەژۆ شینگێری مەرگی رۆژ. پیاوەکە قەمچی و دڵی لە ئاسن بوو. من روانیم لە پشت تارمایی و ژانەوە: یامای پادشام بینی کەوا هوشیار بوو- سەیری کردم سەیرێکی سەیر، ئەو هوشیار بوو. ئێستە - ئەو- مەستی هوشیار خۆی بوو. لە شان و ملی منەوە سوورترین خوێنی من فیچقەی کردبوو. ئیتر قەمچی و لەش، لەش لە ژێر قەمچیهدا بوو. ئاسمان لاشەی رۆژی بە چارشێوێک پۆشی رەش. کە وایە شەو بوو، گۆرانی پیاوە مەستەکەش! چاوی قەمچی ئیتر لەشی نەدی، دەسی قەمچی بۆی گەڕا و نەیدۆزیەوە.

ئەوە زەوی خەوت و ئاسمان خەوتبوو. ئێستە لە هەموو ئەم گەردوونە نوستووە تاریک و بێدەنگەدا تەنیا منی ئەژدیهاک لەگەڵ ئێش و ژانی خۆ بەخەبەر بووم. دڵی من بە بێ فرمێسک‌ترین چاو دەگریا. ئێستە سوورترین خوێنی من تەنیا ئاگری هەڵگیرساو لەم تاریکستانەدا بوو.

من سەیری خۆمم کرد جوان دەلەرزم- من سەیری خۆم کرد جینگڵ دەدەم. لە پێوە تا سەر- من- خۆم دی ژانی بوو. ژان لە پێوە تا سەر لە لەسما دەروێ. ژان لە ڕەگەکانما هات و چووی بوو. ژان لە ڕێیێ دەگەڕا دەرپەڕێ. لە ناکاو بە خۆما ئاڵاموو هەموو لەشم لە خۆی ئاڵا. لەرز گرتمی و هەموو لەشم بە خۆیەوە لەرزی. من خۆمم کرد بە خۆما و خۆم چووم بە ناو خۆما. ئەو کاتە لە من- لە قووڵایی ناخی بوونمەوە- بە داخوڕین و رقێکی رەقەوە- دوو مار- بە فیشکە و هووژەی سامناکەوە- سەری هەڵدا، وێنەی دەرپەڕینی سەرشێتانەی ئاگر و دووکەڵ لە گەرووی بێدەنگترین گڕکانەوە- هەر وەها- وێنەی دەرپەڕینی سەرشێتانەی ئاگر و دووکەڵ لە گەرووی بێدەنگترین گڕکانەوە.
هەرچی بوو. دوو ماری دەم بە هاوار لە شانمەوە روان،ڕەش و سوور، کە خوێن و ژان بوو. من سەیری خۆمم کرد و فرمێسکم هەڵوەراند، لەبەر ئەوەی ئەم مارە ماری دژایەتی بوو. ئیتر تێفکریم ورد، بیر خۆم دایە وڵاتێکی دور و خاڵی. بیری من بەرەو وڵاتێکی دوور ڕێی گرتەبەر. من کێوێ خەفەتەوە لەو زهویە پڕ ئازارە کۆچم کرد کە وا منی بە کۆڵەوە گرتبوو. ئێستە گژە با دارستان ئەڕنێ، شەپۆلەکان ڕۆخی زەریایان رووخان- ئاسمان گوڕاندی، هەموو گریان، جیهان بە ژانە و ڕۆژێکیتری بوو. من بەرەو وڵاتێکی دوور ملم نابوو.
بەشی چوارەم
من بەرەو وڵاتێکی دوور ڕێگەم دەبڕی هەتا مارەکانی ناخم بە خاک بسپێرم. ئێستە باڵندەی نووزنی ڕۆژ لە هێلانە فڕی بوو. ئەو پیاوەی دڵی کەیلی خەفەت بوو مارەکانی هەناوی بەرەو گۆڕی دەم داچڕاوی وڵاتە دوورەکە دەبرد.- ئەی شەو تاکەی بە گوڕەی هەوری رقاویەوە دەمێنییەوە؟- ئەو پیاوە بە کۆڵێ خەفەتیەوە لە ڕێ تاقی نەکراوەکانەوە رابورد. لە تاریکستانە نوستووەکانەوە رابورد و لە تاریکستانە نوستووکانەوە رابورد. ئەو تەواوی ڕێگاکەی بە کۆڵە خەفەتەکەیەوە بڕی. ناڵە و گریان تەنیا گۆرانی ڕێگای بوو. ڕۆی

تا گەییە قاقڕستانی وڵاتی دوور. سەرنجی دا وڵاتی دوور تا رمایی بەر چاوی خۆی دەسڕێتەوە تا جوانتر لێی بڕوانێ. سەرنجی دا دەی گۆڕە دەم داچڕاوەکە داچڕاوتر بوو...

کابرا بە تاڵیەوە هاواری کرد: ئەی کۆڕی سامناکی خاڵی! من ماندوییێکی خەفەتبارم، هاتووم مارەکانی هەناوم بە تۆ بسپێرم. ئێستە جوانتر سەرنجم بەو بزانە داخۆ رەویەکەی تۆ مارەکانی من لە خۆ دەگرێ؟ گۆری سامناکی خاڵی دەمی هەڵچڕیو کردیە جواب: من مارەکانی تۆم بێ تۆ ناوێ.من هیچ مارێکم بێ مار لە شان لە خۆ نەگرتووە. هیچ پیاوێ نەیتوانیوە مارەکانی ناخی بەرلە خۆی بە خاک بسپێرێ. کابرا بە تاڵیەوە بانگی هەڵدا: ئەی گۆڕی سامناکێ خاڵی! تۆ بۆ مارەکانی من لە خۆ ناگری؟ بۆ مارەکانی منت بێ من ناوێ؟ ئاخۆ مارەکانی شانی من هەتاهەتایین؟ تۆش ماندوویێک ماندووتر دەگەڕینەوە؟ گۆڕی سامناکی خاڵی لە خۆی ئالا، لە زەوی قاقڕەوە گەردەلوولی تاریکی بەرپا بوو. تاریکە شەو سەری هەڵدا. کابرا گوێی هەڵخست، هیچ وڵامێکی وەرنەگرت، ئەی شەو تۆ بۆ بە گورەی هەوری ناو چاو تاڵتەوە دەقرێنی ئەو کابرا بە تاڵیەوە بانگی هەڵدا: تف لەو رێیانەی بێهوودە بوو پێوانیان، تف ، هەزار ساڵ دوای ئەوە پیاوێ کە لە رێیەکی دوورەوە رادەبورد بە زەلیلیەوە گریا. کابرا لە بەرخۆیەوە وتی بەرەو شاری نزیک دەڕۆم، من لەوێ بۆ خۆم خانوویەک ساز دەکەم. بەرەوشاری نزیک کەوتە رێ خانوویەک بۆ خۆی سازکا. ئەی شەو ئەم گورە گورەت لە چیە بەم هەورە ناوچاوتاڵانەوە؟ ئەو پیاوە بە کۆڵێ ئێش و برک و ژانەوە، لە کوێرە رێکانی بێ ئاکامی دیار و نادیارەوە رابورد و لە لا رێکانی دیار و نادیارەوە رابورد. ئەو هەموو رێگا کەی بە برینداری و مەنەواری بڕی تەنیا گۆرانی رێگای ناڵە و گریان بوو. رۆی تا گەیشتە شاری نزیک. سەرنجی دا شاری نزیک کش و مات بوو. دەروازەی قایمی شاری دی کە دەکرایەوە!

کابرا بە تاڵی بانگی هەڵدا: ئەی دەروازەی ئاوالەی قایم( من ماندوییێکی خەفەتبارم و هاتووم لەم شارە خانوویێک سازکەم.

ئێستە بە جوانی سەیری کەو بزانە ئاخۆ شارەکەی تۆ من بەو مارانەی ناخمەوە لە خۆ دەگرێ؟ دەروازەی ئاواڵە دەمی هەڵچڕی و وتی: مار لە شاری مە کەم نین، خەڵک خوراکی یەکترین، مار و خەڵکی خۆراکی زەوین، زەویش گۆڕێکی سامناک و خاڵی، من دەڵێم سێ جار لە دوای یەک. تۆ خۆراکێکی خۆشی بۆ شارە ماری ئێمە. کابرا بە تاڵیەوە بانگی هەڵدا: ئەی دەروازەی ئاواڵە ، من ڕێبواری ڕێگەیەکی دوورم و هاتووم لێرە خانوویەک بۆ خۆم ساز کەم. ئاخۆ شارەکەی تۆ من بە مارەکانی ناخمەوە لە خۆ دەگرێ؟ دەروازەی کراوە شەق داخرا. بەسەر شاری نزیکەوە هەوری تاریکی پەرەی گرت، تاریکە شەو بار و بنەی خست پیاوەکە گەلێ گوێی هەڵخست. بەڵام هیچ وڵامێکی دەس نەخست. ئەی شەو تۆ چ دەڵێی بەم دەمە داچڕاوەی بێ هاوارەوە؟ ئەو کابرا بە تاڵی بانگی هەڵدا: تف لەو ڕێیانەی بێهوودە بوو پێوانیان، تف! سێ هەزار ساڵ لەوە دوا ئەو کەسەی لە ڕێیەکی دوورەوە رادەبورد زۆر بە زەلیلی گریا.

بەشی پێنجەم.

پاشان من جارێکیتر بە کۆڵی ئازارەکانمەوە ڕێی خۆم گرتە بەر. لە سەراسەری ڕێگەی لە بڕانەوە نەهاتووما. مارە یاخیەکانی ناخم بە ژەندنی شمشاڵی شوانی دەکردە خەو. جاری وابوو هاوکات لەگەڵ ونەوزی مارەکانی ناخم خەونووچکە دەیبردمەوە. من دەڕۆیشتم، لەو کوێرە ڕێیانەی پڕ تەنگ و چەڵەمە بوون و بێ کەڵک و بێ ئاکام. من دەڕۆشتم، لە پێچەڵا و پڵووچ و کەنەڵانی ئەو ڕێیانەی راکشا بوون و پڕ سام. من دەڕۆشتم ، بە تەنگەڵام و بەردەڵان و هەورازا! من لە شاری کوێرانەوە تێ پەڕیم و لە شاری مردووان. من لە قەڵای حەوحەسارەوە تێپەڕیم و لە چاڵی سەد زنجیر. من بە هەموو ئەم شارانەدا تێپەڕیم.

لە ڕێگەما بۆم دەرکەوت هەموو شتێ شەڕیانە. هەموو ڕووناکییێ لەگەڵ تاریکی، هاوار لەگەڵ بێ دەنگی، تێک شکان و سەرکەوتن، خەم و شادی( خۆمم دی- بەو جۆرە- لەگەڵ خۆم شەڕمە) ڕۆژێ ، ئەو کاتەی لە ڕێیەکەوە دەڕۆشتم پڕ تەنگ و چەڵەمە و بێ کەڵک

و بێ ئاکام – شمشاڵەکەشم بە ژانەوە دەژەند- لە ڕێگەما – منی-
چەق وێستام. سەیرم کرد ئاسمان بێ بڕانەوە بوو، ڕێگەم لە ناخی
ئەو بێ بڕانەوەیدا ون ببوو. من وێستام لە هەر دوویان رامام،
لەگەڵ عەرزی ژێر پای خۆما لەرزیم. لە دڵی خۆما وتم ئەرێ من
هەڵاتووم؟ ئاسمان هەوری خەفەتی تیا شین دەبوو! هەڵم دایە
هاوارێکی پڕ ئازار. من لەبەر چی هەڵاتووم؟ ئاسمان هەوری
خەفەتی لێ دەباری. ئیتر من شمشاڵی شوانیەکەم بە دەستە
رەقەکانی خۆم شکاند. مارە سەر بزێوەکانی گیانم کردیانە فیشکە
فیشک و هاژ و هووژە. من بەرەو شارە بێ دادگەرەکەم
دەگەڕێمەوە. ئێستا لە بن دیواری شارە بێ دادگەرەکەما بووم.

بەندی شەشەم

ئەمە شارە! من روانیم ، ئەمە شارە کە وا شڵەژاوە و پڕ ئاژاوە، پڕ
لە حەشیمەتێکی زۆر و نەخۆشی ئێش و ژان، ئەوان خەڵکی بوون
لە یەک هەڵپێکراو ئاڵقەی زنجیریان دەهێنایەوە یاد! ئەوان
دەردەدار بوون و دەگریان. من روانیمە ئەوانەی بە چڕ و چاوی
خڵتانی خوێنەوە لە تەنیشت من دەکشانەوە. ئەوانەی سەرشێتانە
نەکەوتبوونە هانا و هاوار- کەسیشیان نەدەگەیشتە هانا و هاوار-
دیم کشانەوە و ڕا کردنی ئەو مرۆڤانەی بوون لە سەرە رێی
کاروانی دوا رۆژ- کە پێشەنگی نادیاری بە توندی دەیکوتا- یەک
لە دوای یەک بە لوورەی ترسەوە لە دەهۆڵی بێدەنگی! بای سەبوون
بە شاردا تێدەپەڕی و یاوهاڵاوی دەکردە هەناوی شارەوە-
قەمچییێکم دی چووە سەرەوە و سەرتر چوو، پشتی شار بە هاتنە
خوارەوەی پڕ لە ئاگر بوو، هەمیسان! هاوارێ هاتە گوێم و وتی:
وەیلیش لەو دەمە دیوارەکان ژێر و ژوور بوون بەم هاوارە. پیاوێ
سینگی خۆی هەڵدڕی بۆ ئەوەی بزانێ دڵی تیایە یان نا؟ بووش و
لێشی دەدا! یەکێکی دی رەگی هەڵبڕی بۆ ئەوەی بزنێ خوێنی
تیایە یان نا- بووش و سووریش بوو! هیچکەس منی نەناسی. منیس
هیچ کەسم نەناسی. ئیتر تاریکی باڵای کرد. دیم داڵاشی شەو

لەسەر کەلاکی شار هەڵنیشتەوە. من شیاوی ئەم هەمووە فرمێسکێکم پێ نەبوو.
لە تاریکیدا – لە تاریکاییێکی چڕ و پڕدا- زنجیرێکم دی شۆڕۆ کراو. زنجیرەکە پێی وتم: هەی ئەژدیهاک کە خاوەن ئازارێکی پڕ شکۆیت! جوان لێم ورد بەرەوە و گوێم لێ بگرە، چونکا من لە تۆ بە تۆ نزیکترم. بڕۆ بەرەو قایم قەڵای قەڵافەت ناقۆڵای مل قوت. یامای پادشا لەوێیە، ئەو پێت ئەڵێ چ دەقەومێ... ئێستە من بەرەو قایمە قەڵای قەڵافەت ناقوڵای مل قوت کەوتمە رێ. گەیشتم، ورد ورد روانیم . ئەمە خۆ کێڵگە سەوزەکەی منە کەوا بنجی هەموو گیایەکی تیا خنکاوە و قەڵاییێکی تیا رواوە. گەورە قەڵاییێکی قەڵافەت ناقوڵا کردمە هاوار...
بەندی حەوتەم
ئەی شەو ، منی دڵ پڕ لە ئازار بە هەموو هێزەوە کردم هاوار . ئەوە قایمە قەڵای قەڵافەت ناقوڵا ملی قوت کردەوە و ئاوڕی دا چووکەڵە پیاوێکی هاتە بەر چاو بێ هێز و داماو. قەڵای ناقۆڵا، دایە قاقا، ئەژدیهاک دی یامای پادشا لە قولەی قەڵا دەکێشێ قاقا: منم یامای پادشا دەستی مرگم قەت قەت پێ ناگا! پیاوم هەن ئەستێرەی بەختم موتاڵا دەکەن. شەراب و هەنگوینی وان لە من . لەوان چار کردنی گرفتی من، ئەوان و لوویانە سبەی با و بۆرانێ هەڵدەکا ساردترین باو بۆرانە، بۆ بوونەوە و باو و بۆرانی تێکڕاقڕانە. تا زۆرداری قڕ بێ، دزێوی رەگ و ریشەی لە بنەوە بێ، من دامە قاقا و وتم قایمە قەڵایەک ساز دەکەم قۆڵی با و بۆران نەی گاتێ، لاقی گڕە بای مەرگ لە قەلاپە قەڵەمە بێ. ئێستا خاوەنی قایمترین قەڵام ، من ژنان و تەڵخەکم هێناوەتە قەڵا هەر وەها ساز کەرانی باشترین ساز و شەراب.
من قەڵاکەی خۆم بە نازداران و خۆشخوانان و بەگزادە تەڕ پۆشەکان رازاندوەتەوە هەر وەها بە بەردی سەوز و سووری شایانی شاهان خەفەت و مەینەتم تاراندوەتە پست دیوارەکانی ئەم قەڵا. ئەوان دەڵێن _ خەڵکی ئەم شارە دەڵێن) ئەی یامای پادشا کە وا

هەرچیبتەوێ هەتە، ڕێمان بدە بێینە قەڵاکەت بۆ ئەوەی گیان لەسەرمای سڕی مەرگ بشارینەوە. من بە بزەوە دەڵێم: مەرگ خۆشترین خۆشیە بۆ ئەوەی هەرگیزاو هەرگیز خۆشی بە خۆوە نەدیوە. ئەژدیهاک ئێستا نە ئەنەڕێنێ: ئەی یامای پادشاه مەگەر تۆ خۆشیت بۆ کەس هێشتەوە؟ یامای پادشا ئەداتە قاقا و دەڵێ: من خۆشی لە ناو خەڵکانا بەخشمەوە، ئەی ئەژدیهاکوژ، ئەی ئەژدیهاک، بۆ من باشە دەسەڵات و لە خۆم جوانە پاشایی تا قایمە قەڵاییێکی ئاوا بەرپا کەم و بە حەوت بنەماڵەی هەڵبژاردەوە بیڕازێنمەوە. هەی- دوور بی و دیارت نەبێ: خۆزگە باسی تۆیان نەکردایە و نەمبیستایێ، ئەوەچیە لەم روناکایی ناوادەی ڕۆژەڕەشەدا بەسەر شانەکانتەوە؟ نا، ئیتر من لەگەڵ تۆدا نادوێم! من بەسەر شانەکانتەوە شتێ دەبینم کە تا ئێستا نەمدیبوو، دوو مار- ڕەش و سوور و بێ ئۆقرەن! لە نوسراوە مێژینەکانی ئێمەدا پیاوانی وەک تۆیان ناو ناوە دێو! ئەژدیهاک هەڵکورما و جینگڵی دا و لە خۆ ئاڵا، بە هەموو هێزیەوە لە ناخی ئێسقانەکانیەوە بەرزترین هاواری ئازارەکەی هەڵدا: خۆ من نەمدەویست ببمە دێو. خۆ من نەمدەویست ببمە دێو! – پێنج هەزار ساڵ دوای ئەوە ، پیاوێ کە هەموو کات لە ڕێیەکی دوورەوە رادەبورد، زۆر بە زەلیلی گریا. ئێستە ئەژدیهاک ، بانگی هەڵدا: لە پشت قەڵاییێکی ناقۆڵا لە قاقڕستانێکی تاریکا، لە بناری شاخێکی گەلێ بەرزا، لە ژێر قورسایی هەورێکی هەرە قورسا. کش و مات وەک شاخێکی خەوتوو قایمە قەڵای ناقوڵا.

بەندی هەشتەم

ئەی شەو تۆ دەریام دێنیتەوە یاد. ئەو کاتەی وینەی سوپاییێک – بە سەرۆکایەتی رقەوە- بەرەو ڕۆخی دەریا هێرشی باو لە سەر سنگی چۆک دادەدا تۆ باو بۆرانم دێنێتەوە یاد. سادە و سڕە و پڕ هات و هاوار- بۆ بوونەوەر باو بۆرانی تێکڕاقڕانە- من چوومە گەرووی ئەشکەوتێکەوە تۆفانی ( گڕەبای) تیا خەوتبوو. بە هاواری ترسی خۆم دامچڵەکاند بێ ئاوە من! ئێستا گڕە بای مەرگ، گڕە

بای مەرگی ئەژنۆشکێنی ژیان رفێن، بە گەورەیی سامناکیەوە بەرانبەر من راوەستا بوو. دووکەڵانە لە خۆی ئاڵاو کردی باڵا. هەموو دەم عەرز شەقاری ئەدا و لە ژێر پام دەخنا! ئیتر چاوم نوقاند و زیڕانم : نەحەلەت لەو کات و جێ، لە خۆشەویستی دوو کەس ژیانم بوو جێ بە جێ، بۆ ئەوەی لە رێی دژایەتی‌دا کەوێتە رێ. نەحلەت لەو کات و جێ، تیاکەوتمە سەر عەرزێ. نەحلەت لەو کات و جێ، سەری ماری سێ سەری وشکیم پان کردەوە تا پاڵەوانانی نا پاڵەوان بە دەرد و ئازاری ئێرەیی پێ بردن بتلێنەوە.

نەحلەت لە تۆ – گڕە بای تۆفناک- هەگە هەوەڵین نەبم بە رقی خۆت رەقم کەیتەوە، بۆ ئیتر ئەو- گڕە بای تۆف و سەرما- ئەڵقەی دەمی هەڵچڕیو بە گرمە و گڤەیەوە بە منی وت: ئەی ئەژدیهاک ، تۆ خولْقاوی تا تەنیاییت پێ تاقی کەنەوە ئازارت پێ تاقی کەنەوە، هەر وەها مەینەت. ئەو- گژە بای سارد و سڕ بە هات و هاوار- بە منی وت: ئەی ئەژدیهاک تۆ نامری، تۆ نامری ئەی ئەژدیهاک، مەگەر ئەو کاتەی یامای پادشا مردە بێت! ( من تێفکریم) ئێستا ئاسمانی بەرەبەیان ئەنگرستە چاو. من روانیمە ئەم تاریکیە ئەو باڵندە سپیەی کۆچی دەکرد، دوایین باڵندەی کۆچەر) ئەو وەک هەورە گرمە گرماندی. لەم تاریکییەدا شتێ باڵ دەکوتێ( دڵی من بوو لێی دەدا)

ئێستا گژە بای چالاک و هەناسە سارد بە گڕە گڕ و گژە و گڤە گڤەوە وێنەی وشتر و بەراز و گورگ دەرپەری. هات بەرووما و لە دوو لامەوە بە پوتاو تێ پەری. وێنەی رێژنە و بۆران و تەرزە بەسەر شاردا داباری بە سەر ئەو خەڵکەی درگای قایمە قەڵایان لێ گاڵە و گرێ درا بوو داخوڕی و داڕمی و داتەپی...

من دیم داری بایەم و هەنجیر ریشەی خۆیان لە بیر چبوو. پیاوێ بێ فرمێسک خۆی بە خاک دەسپارد. دیشم چلۆن گژە بای چالاک و هەناسە سارد وەک هەشت ئەسپی رەش و هەشتا ئەسپی رەش رەش و هەشسەد ئەسپی رەش، گەڕەکە و گەڕەک و کۆڵانە و کۆڵان

خەڵکی دەڕفاند. هەر وەها دیشم چلۆن دڵی ژن لە مێردی دابڕا، برایەتی برا لەگەڵ برا توی بڕا. بڕیاری دۆس لەگەڵ دۆس شکا. هەر وەها چلۆن شفا و لاڵەی کۆڕی شینگێڕان بێ جواب ما، فرمێسکی پڕ ئازاری دایکێکی ئەژنۆ لە ئامێز- بۆ ژیانی زارۆلەکەی- بە گۆنایە، چلۆرەی کرد. چلۆن بێ ولام مایەوە شیوەن شیرە خۆرێ! ئەوا دەریچەکانی ئاسمان داخرا، دەمی زەوی داچڕا، ئیتر هیچ دڵێ لێی نەدا، خوێنەکان سوور نەبوون، چاوەکان نووقا بوون، فرمێسکەکان وشک ببوونەوە، دەستەکان کرابوونەوە. رەشە بای مەرگ بوو زاڵتر لە هەمووـ ئیتر کەس هەناسی هەڵنەکێشاو ، تیشکی نەدی و گۆرانی نەبیست و ئازاری نەچەشت وهیچ زەنجیرێکی لە خۆی بە خۆی نزیکتر نەبوو، من گریام و دیم کارنامەی رێکان پێچرایەوە. لەشی ئەفسانەکان سست بوو، کارێزەکان ون بوون. سنوورەکان ژێرە و ژوور بوو. خۆشەویستی قات، باڵندەیێک نەما. گۆرانییێک گوڵی نەدا. دەربیجەکانی ئاسمان داخرا، دەربیجەکان داخرا، داخرا، داخ!

بەشی نۆهەم

کۆتایی هاتبوو. رەشە بای سارد و سامناک کۆتایی هاتبوو. ئەی شەو تۆ رەشەبایێکی بێ کۆتایی دێنیتەوە یاد بێ کۆتایی! ئێستا من بیر دەکەمەوە، بیر لە شارێ دەکەمەوە ئەڵێی هەرگیز هەر نەش بووە. لە خەڵکی کە ئەڵێی هەرگیز هەر نەش بووە. دیتم دالاشی سەو لەسەر کەلاکی شار هەستا، منیش هەستام بە کۆڵە ئازارەکەمەوە لە زەویە پڕ ئازارەکە هەستام کە وا منی لە سەر پشتی خۆی راگرتبوو ئێستا چاوم بڕیبووە چاوی یامای پادشا: تامەزرۆی شەڕ و شەڕخوازی وی! هاژ و هوژی ماری سەرشانم بڕانەوەیی نەبوو. ژارەکەیان پەلەی گیان گرتنی بوو( من چبووم بۆ گیانی یامای پادشا) ئەو قاقا پێدەکەنێ – تۆ بەژاری کام مار من دەکوژی؟ ماری ژیانی من بە هیچ ژارێ نامرێ چونکا خۆم سەرتاپا ژارم! ئێستا مارەکانی من لە هاژ و هووژە کەوتبوون! تۆ هەرگیز نەتدیوە مارێ بە ژاری خۆی بمرێ. مارەکانی من بە ژاری خۆیان

مردبوون. ئێستا بێ هاژ و هووژ بوون. وتم ئەی یاما – ئەی ئەو کەسەی ژیانی خۆت بە خۆوە گرێ داوە- کە وایە تۆ من بکوژە!
یامای پادشا نەکەنی. نەکەنی و وتی: پیاوانێکم هەن ئەستێرەی بەختم بوتاڵا دەکەن گرفت و بێ چارەییم چەر دەکەن ، ئەوان وتوویانە - بە منی سەربەرزیان وتووە- ئەگەر تۆ بمرێنم خۆم دەمرم، من تۆ ناکوژم ئەی ئەژدیهاک، من دیسانەوە شارێ داز دەکەم و شار گەلێ. خەڵکێکی تیا بەرەڵا دەکەم لە بنەچەی ژنان و لۆتیان و ئەستێرەناسان و بەگزادەکان و وێیاوانی دەسەمۆ. من بەرەیەکیتری ژێر چەپۆکە بەرپا دەکەم- بترسن لە ژاری زمانم کە وا سەر لەڕێی فرمانمە، چزوویی پۆلاینی تێخ! بۆ ئەوەی یاخیان تیا نەبێ و فەرمانەکانی من ڕەوواتر بێ! منی ئەژدیهاک بە ئازارەوە سەرم بەردایەوە، بە ئازارەوە بەرزمەوە کرد. بە ئازاری زۆری خۆم لێی مۆرەوە بووم، ئەو کاتە هەموو لەش و لارم بووە هاوار من شەڕت لەگەڵ دەکەم( ئیتر منی تەنیا بووم بە نینۆکی قامکە رەق و تەقەکانمەوە دیوارە بەرزەکانی قایمە قەڵام دەسمی. ئێستا جەنگاوەری ڕۆژ ویستبووی رمی تیشک بەرە و شەو بهاوێ، جەنگاوەری شەو بە مەتاڵ بەری پێ گرت. بۆم دەرکەوت سمینی قایمە قەڵا گەلە دەستی پێویست بوو، بەڵام دەستی من دەستی گەل نەبوو. جەنگاوەری شەودەی گوڕان من! دیوارەکانی قایمە قەڵای قەڵافەت ناقۆڵا بە قامکەکانی من نەش دەرووشا. قایمە قەڵا قاییمتر لە هەموو...

بەشی دەهەم

ئێستا منم. بەم سەرەوە ڕاوەستاو. چاوم ماق ماو، لە ژێر پای مندا- لە خوارەوە- شارگەلێکن، لە شارەکان مردووەکان دیواری قایمترین قەڵاکان هەڵدەچنن. لێک دەڕوانن بێدەنگ، لە دڵەوە ماڵ ئاوایی یەکتر دەکەن، لە ژێر شریخەی شووڵ و قەمچیدا کەس فزە ناکا. هەتاوی مردووان تاریکە. یامای پادشا لەم وڵاتە خوایی دەکا. گوڕەی هەوری ئاسنی تەنیا گرمەیە لە شاری مردووەکان. ئیتر من بەرەوپێش دەچم و هاوار دەکەم: نەمانە بەشی قەمچیە درێژەکان

چونکا دەشکێن، نەمانە بەشی قایمە قەڵاکان چونکا دەرمێن. منم ئەژدیهاک رۆڵەی ئازاری زەویم، منم کەوا هاوارم لە پشتساڵهای ساڵەوە تا ئێرە دەگا! منم ساڵهای ساڵە ئەم رەش مارانە بە شان دەکێشم. لاشەی خۆشم، کەوادایم لەم رۆوە بۆ سبەی کێش دەکەم. هاواری تاڵی زەوی ئەمەیە بە ئێوەی ئەڵێم: نەمانە بەشی قەمچیە درێژەکان چونکا دەشکێن. نەمانە بەسی قایمە قەڵاکان چونکا دەرمێن. زەوی دەڵێ: هەی لارە مل لە سەر پشتی من قیت راوەستە، کەوا لەرزینی بەند بەندی لەشی تۆ گیانم دەلەرزێنێ. ئەو دەڵێ هەی پشت کوور، تۆ رۆڵەی زەویت، مەهێڵە بەر لەوە بەرەو من بگەڕێیەوە لە دڵی خۆتا ببیتە گۆریچەی مەرگ! هەی پیاو سەرت بەرز راگرە، لە ئاسمان بڕوانە، بڕوانە هەوری قەمچیەکان بەری ئاسمانی گرتووە. من هاتووم ئاسمانت کەوا لە قەمچیا رەش داگیرساوە- بیر بێنمەوە! داد لەم بێدادە، گیانت بێ بەڵا- ئاخۆ ناوی خۆشبەختیت بەرگوێ کەوتووە؟ یان گوێت بە بیستنی ئەم جۆرە گەوهەرانە داهاتووە: شایی و رووناکی و دادگەری و خۆشەویستی؟ ئەمە بوو هاواری من، کە هەرگیزاو هەرگیز وڵامی نەبوو. چونکا بۆم دەرکەوت چاوە داچڕاوە و بێ نیگا، گوێچکە گوێ بە هیچ نادا! ئەی شەو تۆ لەچی دەگەڕێی لە قاقڕستانی ئاسماندا؟ هاواری من لە بەردم ئەوانەوە تێپەڕی و ئەوان کش و مات! سەرنج ئەدەم یامای پادشا لە قولەی قەڵاوە قوولە دەکا: منم خواوەندی ئەم وڵاتە، ئێمە سەدان ساڵە مردووین! راستیەکەی ئەوەیە من لە ئاسمانەوە نیشانەم بۆ ئێرە هێناوە. نیشانی جەزای چاکە و سزای خراپە. لەم نیشانانەدا ئەڵێ بڵحە زەلامێکی مارلەسەرشان بۆ لای ئێوە دێ. مێشکی ئێوەیە خواردنی! زمانی ژاراویە، ژارێکی هەتاهەتایی، قسەکانی سێحراویە سێحراویترین سیحر. من لە ئاسماناوە بۆ ئێوە نیشانەگەلێکم هێناوە. نیشانەی پارەی زێڕ و نیشانەی قەمچی رەش! ئەم نیشانانە دەڵێن هەر قسەیێک خاوەنی دوو لایەنی شاراوەیە بە وێنەی دوو دەریا. شێوەی یەک دەدەن و وێنەی دوو دەریا جیاوازن. لە نیشانە تاڵە ئاخرشەڕەکانا هاتووە:

ئەمانە بەشی ئەوەی هاواریدەبێتە هۆی لەرزینی مردووەکان ، چونکا قەمچیەکان بەردەوامترن. ئەمانە بەشی ئەوەی زمانی هەژدیهایە، چونکا من زنجیرم بۆ دەس و پێ درووس کردووە، ئەمەیە فەرمانی خواوەندەکەتان : کۆت و زنجیریکەن ، قایمترین زنجیر.

ئیتر قەمچی دادەبارن، مردوو را دەپەڕن، هاشاولم بۆ دێنن. لەبەر هەموویانەوە ئاسنی ئاسنگەرێ، کەوا چنگی پڕە لە زێڕ من چاو دەنووقێنم. شەو سێبەرم لە سەر دەکا. من بە ئازارەوە چاوم پشکووت و خۆم دیلی ئەم داوە دی یامای خواوەند بۆی تەنی بووم. لەسەر ئەم شاشاخەی یاخی لە نەوی بوون- دەماوەند- ئەوە بوو زنجیرم لە خۆم بە خۆم پێ نزیکتر بوو.

بەشی یازدە

ئێستا منم، ئەم کێوە بە کۆڵ کێش ئەکەم،لە ژێر پێما شارێکە ، خەڵک خەوتوون. مردووەکان ، هەتاهەتایە خەوتوون. منم تەنیا بە هاواری بێ هاواری خۆمەوە ماومەتەوە. دێتەوە یادم رەشە بای پڕ تۆفی مەرگ پێی گوتم: ئەی ئەژدیهاک تۆ نامری مەگەر ئەو کاتەی یامای خواوەند مرد بێ! – دەبینم شەو بە هەموو قورسایی خۆیەوە خۆی بە لەشما هەڵواسیوە و من هێشتا هەر زیندووم.

Filename: هەژدیهاک.doc
Directory: F:\Documents and Settings\xalid\Desktop
Template: F:\Documents and Settings\xalid\Application Data\Microsoft\Templates\Normal.dotm
Title: هەژدیهاک
Subject:
Author: MRT
Keywords:
Comments:
Creation Date: 9/13/2009 4:58:00 AM
Change Number: 21
Last Saved On: 9/15/2007 11:10:00 PM
Last Saved By: dilax
Total Editing Time: 331 Minutes
Last Printed On: 3/21/2007 11:31:00 PM
As of Last Complete Printing
Number of Pages: 14
Number of Words: 3,560 (approx.)
Number of Characters: 20,293 (approx.)